# زمانی كوردیی پەهلەوی (فەیلی)
# زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی یان شێوەزارێكی ناوچەیی

ID No. 3651

(PP 60 - 75)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.5.5

**فرهاد عزیز حسن**

بەشی زمانی كوردی- كۆلێژی پەروەردە-مەخموور / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Farhad.hassan@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2020/06/21**

**پەسندكردن : 2020/09/27**

**بڵاوكردنەوە : 2020/12/10**

**پوختە**

چارەنووسی دەوڵەتی ساسانی، وێنای چارەنووسی مێژوو و زمان و كولتووری گەلی كورد دەكا. ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە سەدەی حەوتەمی زایینی، داماڵینی نەتەوەی كوردی لە جوگرافیا، مێژوو و زمانەكەی بەدوای خۆیدا هێنا كە تاكو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بنەماڵەی ساسانی، بنەماڵەیەكی دەسەڵاتداری كورد بوون كە لە سەردەمی ئەردەشێری پاپكاندا دەسەڵاتیان وەرگرت. شێوەزاری ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە واتا پەهلەوی، بە زمانی فەرمی و زمانی یەكگرتوو دەسنیشان كرا. لەم قۆناغەدا ئەم زمانە هەم وەكو زمانی فەرمی سیستەمی سیاسی و كارگێڕی و هەم وەكو زمانی دین و ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆی چەسپاند. زمانی كوردی پەهلە یان فەهلە كە ئەمڕۆ كوردیی فەیلی پێدەگووترێ، یەكێك لە شێوە زمانە هەرە دێرینەكانی زمانی كوردییە كە لە ڕێرەوی گەشە و گۆڕانی زمانیدا لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێكی ناوچەیی ڕوو لە گۆڕان بووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی شیكاریی، بە پشت بەستن بە دەقە ئەدەبی و بەڵگەنامە و كتێبە سیاسی و دینییەكان، هەوڵدەدرێ ڕێڕەوی گەشەی زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزاری فەیلی شیبكرێتەوە.

وشەی سەرەكی:

زمانی كوردی پەهلەوی، شێوەزاری فەیلی، دەقی ئەدەبی-دینی-سیاسی، فەهلەویات

## ١: پێشەكی

مێژووی سیاسی و كولتووری گەلی كورد، لە قۆناغە هەرە دێرینەكانەوە تاكو ئەمڕۆ لە لاپەڕە مێژووییەكانی گەلی كورددا تۆمار كراوە. كوردستان وەكو جوگرافیایەكی نەتەوەیی لە كۆنترین قۆناغەكانییەوە، لە سەردەمی پێش مێژووەوە تاكو سەردەمی مێژوویی، بەردەوام گۆڕانی بنچینەیی لە كولتوور و شارستانییەتدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم نیشتمانە لە دێرزەمانەوە واتا لەسەردەمی ئەشكەوت تاكو سەردەمی شارنشینی، ناوەند و مەڵبەندی ژیان و بەرهەمهێنانی مێژوویی و شارستانی بووە. كورد وەكو كۆنترین دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی هۆز و میرنشینە دێرینەكانی سۆمەری، گووتی، میتانی، هووری، لوولوویی، كاسی، ماننایی، مادی، ئەشكانی و ساسانی، تاكو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییەكانی پاش هاتنی ئیسلام وەكو میرنشینی ئەردەڵانی، شەدادی، بادینانی، سۆرانی، بابانی و ...هتاد دەور و كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆ و بنچینەییان لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە.

كۆنترین دینەكان واتا دینی پەرستنی خواوەندی دایك، دینی زەرووانی، دینی میترایی، دینی زەردەشتی، دینی مانەوی، دینی مەزدەكی، دینی ئێزەدی، دینی یارسان گشتیان بەری تێڕوانینی دینی و فەلسەفی و جیهانبینی گەلانی دانیشتووی ئەم نیشتمانەن. زۆربەی ڕێوڕەسم و نەریتە نەتەوەییەكان هەڵقوڵاوی ئەم تێڕوانینە دینیانە بوونە و دواجار وەكو دابونەریتێكی كولتووری و نەتەوەیی پیرۆز ڕاگیراون. بۆ نموونە ڕێوڕەسمی پیرۆزڕاگرتنی نەورۆز، ڕێوڕەسمی چلە و ...هتاد. سەرجەمی ئەم دین و نەریتانە لە ڕێگەی زمان بۆ سەردەمە جیاجیاكان گواستراونەتەوە. زمانی كوردی یەكێك لە كۆنترین زمانە زیندووەكانی جیهانە كە لە كۆنترن قۆناغە مێژووییەكانەوە تاكو ئەمڕۆ بەرهەمی پێ تۆماركرابێ. لە سەردەمی سۆمەری، هووری و مانایی و مادییەوە تاكو سەردەمی ئەشكانی و ساسانی و دواجار لە سەردەمی ئیسلامیدا هەزاران بەڵگەی دینی و سیاسی و بازرگانی پێ تۆمار كراوە.

زمانی کوردی بەپێی ئەم بەرهەمانە بەسەر چەندین قۆناغـدا دابەشـکراوە کە پیشـاندەری ڕێـڕەوی گەشـە و گـۆڕانی ئەم زمانەن. گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو، نەمری و بەردەوامی مێژوو و شارستانییەت و کولتووری ئەم گەلە پیشان دەدا. هەرچەنـدە ئەم گـۆڕان و گەشـەکردنە بە بەرز و نزمـی و نـاهەمواری زۆریـش تێپەڕبـووبێ، بەڵام پیشـاندەری توانسـت و خـۆڕاگری نەتەوی کـورد لە بەرامـبەر ناهەمواریيەکـانی مێـژوو بـووە. لەم تـوێژینەوەیەدا بەپێـی ڕێـڕەوی گەشـەی زمـانی کـوردی دەسنیشانی گەشە و گۆڕانی زمـانی پەهـلەوی بـۆ شـێوەزاری فەیلـی کـراوە. لەم ڕێـیەدا کـۆمەڵە بەرهەمێکـی ڕۆژگـاری ساسـانی و ڕۆژگاری ئیسلامی دەهێنرێنەوە تاکو بەشێوەیەکی کارەکی ئەم بابەتە ڕوون ببێتەوە. توێژەری ئەم توێژینەوەیە بەهۆی شـارەزایی لە زمانە کۆنەکان (زمـانی ئاڤێسـتایی و پەهـلەوی)، هەوڵیـداوە بە هێنـانەوەی بەڵـگەی زمـانی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە دەقە کـۆنە ئەدەبی و دینییەکان، ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی لە کۆنەوە بۆ ئەم سەردەمە پیشان بدا. لێرەدا دەبـێ ئەوەش بگـوترێ کە زمانی ئەم دەقانە نابێ بە پێوانەی شـێوەزاری سـۆرانی بپێـورێ کە تـاڕادەیەک لە باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا شـێوازێکی نیمچە سـتاندەری وەرگرتـووە. شێوەزارەکانی خـوارووی کوردسـتان بەتـایبەتی فەیلـی و هەورامـی و ئەوانـی دیـکە پـتر لە سـۆرانی ناسنامەی ئەم دەقانە دەسنیشان دەکەن.

**٢: زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانییەکاندا**

ئەو زمانەی کە لەم سەردەمەدا بەرهەمی دینی و سیاسی و بازرگانی و ...هتاد پێ تۆمارکراوە، بە زمانی پەهلەوی ساسـانی ناسراوە. ئەم زمانە شێوە گەشە کردووەکەی زمانی مادەکانە کە کتێبی ئاڤێستای پێ نووسراوە. بەپێـی تـوێژینەوە زمانییەکـان ((زمـانی کوردی بەسەر سێ قۆناغی مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی و کوردی نوێ دابەشدەکرێ.))[خۆشناو، فرهاد عزیز، ٢٠١٣. ل ١١٧] لە قۆناغی مادی-ئاڤێستایی کە قۆناغی کۆنی زمانی کوردییە، ((زمانی ئاڤێستایی کە دەقی دینی پێ تۆمارکراوە لەلایەن مادەکانەوە بۆ یەکەمینجار بە زمانی فەرمی دەوڵەت و دین هەڵدەبژێردرێ.))[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٩. ل ٤٤٤] لە کتێبی (مێژووی زمـانی کـورد)دا بەم چەشـنە ئەم ڕایە پشـــت ڕاســـت دەکـــرێتەوە ((هەمـــوو بەڵـــگە مێژووییەکـــان ئەوە نیشـــان دەدەن کە ئاڤێســـتا بە زمـــانی مـــادی نووسراوەتەوە.))[بیلال، زبێـر، ١٩٨٤. ل ٣١] قۆنـاغی پەهـلەوی کە بە قۆنـاغی ناوەڕاسـتی زمـانی کـوردی دادەنـرێ لە دوای ڕوخـانی دەوڵەتی ماد تاکو سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا زمانی کوردی بۆ دوو زاری سەرەکی دابەشـدەبێ. کە هەر یەک لەم زارانە لەلایەن یەکێک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کورد واتا ئەشکانی و دواتر ساسانی بە زمانی فەرمی دەزگای میری دەسنیشان دەکرێن. ئەم دوو شێوەیە بە زمانی کوردی باکووری (پەهلەوی ئەشکانی) و زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسـانی) ناسراون کە لە بنەڕەتدا دوو زاری سەر بە یەک زمـانن و ئەم زمـانەش زمـانی کوردییە.[حسـن، فرهـاد عزیـز، ٢٠١٩. ل ٤٤٩] قۆنـاغی کوردی نـوێ کە لە دوای هـاتنی ئیسـلام دەسـپێدەکا و تـاکو ئەمـڕۆ بەردەوامە، قۆنـاغی زار و شـێوەزارەکانی زمـانی کـوردییە کە لە بنچینەدا شێوە گەشەکردووەکەی زمـانی کـوردی پەهلەویـن کە بەهـۆی نەبـوونی کیـانی سیاسـی بەسـەر چەنـدین زار و شـێوەزاری جیاوازدا دابەش بوونە.[بڕوانە: حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٧. ل ٢٤٨]

**٢-١: زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسانی)**

یەکەمین بەڵگە زمانییەکانی ئەم شێوەیەی زمانی کوردی لە نووسراوە بەردییەکانی پاشاکانی ساسـانی و پێشـەوایانی دینـی زەردەشتی و دینی مانەوی بەدیدەکرێن.[Nyberg. H. S, 1964. p V] لە نووسراوە بەردییەکان دەکرێ ئاماژە بە نووسراوی ئەردەشێری بابەکان لە نەخشی ڕۆستەم، شاپووری یەکەم لە نەخشی ڕەجەب، نووسراوی نارسێ لە پایکوولی بکرێ. لە نووسراوی دینیـدا دەقە پەهلەوییەکـان بە زەنـد و پازەنـدەوە گـرنگترین نووسراوەکـانی ئەم قۆنـاغەن. هەروەهـا کتێـبە بەناوبـانگەکەی مـانی پێغەمـبەری سەردەمی شاپووری یەکەم کە بریتییە لە کتێبی شـاپووهرەگان یەکێـک لەم نـووسراوە دینیـیە دەگمەنـانەیە کە لە دەرەوەی بـازنەی ئەدەبیاتی زەردەشتی نووسراوە.[تفضلی، احمد، ١٣٨٣. ل ١٢٨]

**٢-١-١: نووسراوە بەردییەکان**

دۆزراوە شـوێنەوارییەکانی سـەردەمی ساسـانی لە چوارچێـوەی دەقـی نـووسراودا ئەوە دەسـەلمێنن کە زمـانی پەهـلەوی شێوەیەکی گرنگی زمانی کوردییە.[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٩. ل ٤٤٩] پاشا و پێشەوایانی سەردەمی ساسانی کۆمەڵێک دەقیـان لە دڵـی تاشە بەردەکانی سنووری فەرمانڕەوایەتی بە میرات بۆ زماناسان بـۆ یادگـاری داناوە.[آموزگـار، ژالە و تفضـلی، احمـد، ١٣٨٩. ل ١٩] لێرەدا بـۆ پـتر ڕوون بـوونەوە و تێگەیشـتن لە زمـانی کـوردی ساسـانی، دەقـی ژمـارەیەک لەم نـووسراوانەی پاشـاکانی ساسـانی دەخرێنەڕوو کە بە هەر دوو شێوەی کوردی ئەشکانی و کوردی ساسانی نووسراون.

٢-١-٢: نووسراوی ئەردەشێری پاپەکان لە نەخشی ڕۆستەم

لەم نووسراوەدا ئەردەشێری پاپەکان خۆی بە پاشای پاشایانی ئێران، لە نەژادی یەزدان و کوڕی پاپەک دەناسێنێ. شێواز و تایبەتمەندی ئەم نووسینە هەروەک لە کتێبی (زبان پهلوی)دا هاتووە، بەم جۆرەیە کە نووسینەکە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی و زمانی یۆنانی تۆمارکراوە. لە سەردەمی پاشا بەراییەکانی ساسانیدا ئەم نەریتە لە تۆمارکردنی نووسراوەکاندا باوبووە.[ آموزگار، ژاله و تفضلی، احمد. ١٣٨٩. ل ١٩و٢٠] بەپێی سەرچاوە پەهلەوییەکان لە سەردەمی ساسانیدا حەوت جۆرە خەت واتا ئەلفوبێ بۆ نووسین هەبووە کە بریتی بوون لە: ((دین دەویری، ویش دەویری، کوشتەگ دەویری، نیو کوشتەگ دەویری، میر دەویری، هەم دەویری، ڕاز سهریه دەویری.))[جنیدی، فریدون، ١٣٨٦. ل ٢٤] کە هەر کام لەم دەویریانە بۆ کاروباری تایبەت بەکار براون.

פתכר זניי מזדיזן אלהא ארתהשתר מלכין מלכא אריאן
מנושהר מן יאזתן ברי אלהא פאפכ מלכא

پیتکەری ئینی مەزدەیەسن بەگی ئەرتهەشێری میرێین میرا ئێران
ئەویچیتری هەژ یەزتان بەری بەگی پاپەکی میرا

پەیکەری ئی مەزداپەرستی بەگ (مەزن) ئەردەشێری پاشای پاشایانی ئێران[ە]
ئەوی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) پاپەکی پاشا

[Thomas. E, 1868. p 29]

### ٢-١-٣: نووسراوی شاپووری یەکەم

نووسراوی شاپووری یەکەم (٢٤٠-٢٧٣) زایینی لە نەخشی ڕەجەبە. لەم نووسراوەدا شاپوور لەسەر شێوەی نووسراوی باوکی، خۆی بە کوڕی ئەردەشێر و پاشای ئێران و نائێران و نەوەی پاپەک دەناسێنێ. ئەم نووسراوە بە ئەلفوبێی کوردی ئەشکانی نووسراوە.

I. פתכר זניי מזדיזן אלהא שהיפוהר מלכין מלכא אריאן ו
אנאריאן מנושהר מן יאזתן ברי מזדיזן אלהא ארתהשתר מלכין
מלכא אריאן מנושהר מן יאזתן בריי אלהא פאפך מלכא

پیتکەری ئینیی مەزدەیەسن بەگی شەهپوهری میرێین میرا ئێران و
ئەنئێران ئەوی چیتری هەچ یەزتان بەری مەزدیسن بەگی ئەرتهەشێر میرێین
میرا ئێران ئەوی چیتری هەچ یەزتان نەپیی بەگی پاپکی میرا


پەیکەری ئیی مەزداپەرستی بەگی شاپووری پاشای پاشایانی ئێران و
نا ئێران ئەوەی چەهر(خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) ئەردەشێری پاشای
پاشایانی ئێران ئەوەی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] نەوەی بەگ پاپەکی پاشا

[Thomas, E, 1868. p 29]

### ٢-٢: نووسراوی مێژوویی و پاڵەوانی

### ٢-٢-١: کارنامەگی ئەردەشێری پاپکان

لە سەردەمی خوسرەو ئەنوشێرەوانی ساسانیدا کتێبێک بە ناوی (کارنامەگی ئەرتەشێری پاپکان) سەبارەت بە ژیان و ڕەچەڵەک و هەروەها چۆنییەتی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەردەشێری ساسانی نووسراوە. لەم کتێبەدا کە بە زمانی کوردی پەهلەوی نووسراوە، ڕووداوەکان بە شێوازی داستان و پاڵەوانێتی گێڕدراونەتەوە. ئەم کتێبە بەم دەقەی خوارەوە دەسپێدەکا:




١- پەوی کارنامەگی ئەرتەشـێری پاپکان ئیتوون نیپیسـت ئەیتێت کوو پاش هەچ مەرگی ئەلکسـەندەری هرومیگ ئێران شـەتر دوو سـەت و چل کەتەک خوەتای هەبویت. ٢- سپاهان و پارس و کۆستەکیی ئەویش نزگیتر پەت دەستی ئەردەوان سەردار بیت. ٣- پاپەک مەرزوپان و شـەترداری پارس بیت و هەچ گومارتەکی ئەردوان ئەبیت. ٤- ئەردوان پەوی ستەخر نیشتەبیت. ٥- و پاپەک ڕای هێچ پرزەندی نام بورتار نەبیت. ٦- و ساسـان شـوپانی پاپەک هەبیت و هەموار لەتەگ قووچان ئەبیت و هەچ توخمەگی دارای دارایان بیت. ٧- هەندور دوژخوتایی ئەلەکسـەندەر نیاگانی ئەو ویرەک و نیهان ڕۆبیشـنی ئەویسـایت و لەتەگ کورتان شوپانان ئەوێستیت.

[Nyberg. H. S, 1964. p 1]

ئەم دەقە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە خەتی پەهلەوی و بە زمانی کوردی بنەماڵەی پاشایانی ساسانی نووسراوە. ئەم شێوە زمانە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی دەوڵەت و دین بووە، لە بنەڕەتدا زمانی بنەماڵەی پاشاکانیان بووە. دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتە و پاش تێپەڕینی چەندین سەدە ئەم شێوەزارە لە چوارچێوەی زاری خوارووی زمانی کوردی لە هەمان ئەو سنوورەی کە پایتەختی ساسانییەکان بووە قسەی پێکراوە. شێوەزاری فەیلی یان لەکی هەمان ئەم شێوازەیە کە دەقە پەهلەوییەکانی سەردەمی ساسانی پێ نووسراوەتەوە. بە هێنانەوەی ئەم دەقە بۆ سەر ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی، زۆربەی خەڵکی کورد بەتایبەتی لە زاری ناوەڕاست و خواروو بێ هیچ گرفتێک لێی تێدەگەن.

**٢-٢-٢: ئەیاتگاری زەریران**

داستانی پاڵەوانێتی زەریر یەکێک لە کۆنترین دەقە کوردییەکانی سەردەمی ساسانییە کە لەسەر داستانێکی شۆڕەسواری ڕۆژگای ئەشکانییەکانەوە نووسراوەتەوە. لەم دەقەدا باسی شەڕی نێوان کەوی ڤیشتاسپە و ئەرجاسپە کراوە. ئەم شەڕە ڕەهەندێکی سیاسی-دینی هەیە. کەوی ڤیشتاسپە پەنای بە زەردەشت داوە و خۆی و خەڵکی میرنشینەکەی دینی زەردەشتیان وەرگرتووە. ئەرجاسپە کە میری میرنشینی دراوسێی ڤیشتاسپەیە بە سپایەکی فراوان هەڵیکووتاوەتە سەر ڤیشتاسپە و داوای لێدەکا واز لە دینی نوێ بێنێ و بگەڕێتەوە سەر دینی بابوباپیرانیان، بەپێچەوانەوە میرنشینەکەیان داگیر دەکا و لەناویان دەبا.[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٩. ل ٤٦٥و٤٦٧] لە خوارەوە نمونەیەکی ئەم دەقە دەگوازرێتەوە.



٧١- و ئوجا ئەرجاسپی خیونان خوتای هەچ کۆ سەر نیگا کیرت و گوویت: کو هەچ ئەشما خیونان کێ هەی کە شانات ئەبەگ زەرێر کۆخشەد، ئەویش کوژەت، ئەوی تەهمی سپابودی نێو زەریر، تاک زەڕستوونی منی دوێت، پەت ژەنی دەهێم کە هەندور هەمەگ شەتری خیونان ژەنێ هەچ ئەوی هوچیهرتر نییەس.

(ئینجا ئەرجاسپی میری خیونان لە سەر کێو سەیری کرد و گووتی: کە لە ئێوە خیونان کێ هەیە کە بڕوا و لەگەڵ زەرێر بجەنگێ. ئەوی ئەو سپاسالارە پاڵەوانە، زەریر بکوژێ، تاکو زەرستوونی کچی من بە ژنی پێشکەشی بکەم کە لە گشت شاری خیونان ژنێک لە ئەو جوانتر نییە.)

[Jamasp-Asana. J, 1913. p 10]


**٢-٣ : نووسراوە دینییەکان**

**٢-٣-١: دەقی دینی زەردەشتی**

لە سەردەمی ساسانیدا کۆمەڵێک بەرهەمی بەرچاوی دینی بە زمانی کوردی باشوور واتا پەهلەوی ساسانی نووسراون کە بریتین لە: زەندی ئاڤێستا، ئەرتای ڤیراز نامەگ، بنیداهیشن، مینووگی خیرەت، کۆمەڵێک ئامۆژگاریی دینی پێشەوایانی دینی زەردەشتی، کتێبی دینکەرت و ...هتاد. لەم توێژینەوەیەدا چەند نمونەیەک لە دەقی دینی کە بە زمانی کوردی باشووری واتا کوردی ساسانی نووسراون بە مەبەستی پتر ڕوون بوونەوەی پەیوەندی نێوان زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی و زمانی کوردی بەتایبەتی شێوەزاری فەیلی (لەکی) دەگوازرێنەوە.

٢-٣-٢: کتێبی دینکەرت

ئەم کتێبە یەکێک لە نایابترینی ئەو کتێبانەیە کە بە زمانی کوردی باشوور واتا کوردی ساسانی نووسراوە. ناونیشانی ئەم کتێبە بریتییە لە (دینکەرت) واتا کردار و ڕفتاری دینی، لەم کتێبەدا گشت بنەما فەلسەفی و بیروباوەڕی دینی زەردەشتی باسکراوە. هەروەها پوختە و کورتەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانی تێدا تۆمار کراوە.[تفضلی، احمد. ١٣٨٣. ل ١٣١-١٣٨]




و هەچ بووم ئاراستەران ئەرتەخشێری پاپکان چیوون دینیچ ئامایتی، کوو کەتار ئی زۆری کەیئەرتەخشێری تاکەن، ئی تین فرمان، ئی شکەپتی زەنین، ئی خواتائی کوو ئورام هەندور مانی ئەریشنی نووک و ڕۆشن فراژ ئەستینیت، پەوان کەنیک کەرپی، ئی نیوگی کەبەد ئەمەوەند، ئی هوراوەستی بریند ئەیوسەت، ئی ڕاستی، ئی ڕایومەنتی ئازات.

و لە ڕازێنەرەوانی زەوی ئەردەشێری پاپکان[ە] هەروەکو چۆن لە دینیش هاتووە، کە قەتاری زۆر و دەسەڵاتی ئەردەشێری پاشا تاکە، ئەوەی فرمانەکانی بەتینە، ئەوەی ئەشکەوتی زانستە، ئەو کەیخوایەی کە ئەریشنی [ناوی فریشتەیەکە]، ئارامی لەناو ماڵی بەردەوام نوێ دەکاتەوە و ڕووناکی دەکاتەوە بەهۆی کیژی پاکیزەوە. ئەوەی پاک و لەخواترسە، ئەو جوان و باڵابەرزە، ئەو ڕاستگۆیە، ئەو شکۆمەند و ئازاد(نەجیب)ە.

[Sanjana. P, 1915, D7. p II, 51]

**٢-٣-٤: كتێبی ئەرتای ڤیراز نامەگ**

ئەم كتێبە بە زمانی كوردی ساسانییە و سەبارەت بە گەشتی ڕۆحی پێشەوایەكی دینی زەردەشت بـۆ بەهەشـت و دۆزەخ و بەرزەخ نووسراوە. ئەم پێشەوایەی دینی زەردەشتی ناوی (ئەرتا/ئەرد) بەمانای پاك و بێگەردە و سیفەتی (ڤیراز)ی پێدراوە بەو واتایە كە ڕاز و نهێنییەكانی ژیانی پاش مردنی ئاشكرا كردووە. لێرەدا پەرەگرافی یەكەمی ئەم كتێبە دەگوازینەوە.



١- ئیتوون ویژەند كو ئێوبار ئەهروب زەرتوهشت دینی مەگریت هەنـدور گیهـان روبـاج بیكرت ٢- و تـاك بووەندەگی سـێسـەت سـار دین هەندور ئیپاگژی و مەرتم هەنـدور ئیبێگومـانی هەبویـت ئـانەمەنـد ٣- گوژەسـتەك گەنەگ مینوگی درووـوەند گومان كرتن ئی مەرتومان پەوی ئی دین ڕای ٤- ئەوی گوژەسـتەگ ئەركسـەنـدەری هەرومەیگی موزریـگ مەنشـینی ڤیاپەنەنیت پەوی گران سزەد و نپەرتن و ئێشەگ ڕوو ئێران شـەتر شـانیت ٥- ئویش ئەوی ئێران دەهیپەت ژەت ٦- و ببە و خوتایی ئاشـوپت و ئەوێران كرت ٧- و ئی دین چیون هەمەگ ئەپسـتاگ و زەند هەبەر گای پیستیهـــ ویراستەگ و پەوی ئاوی زەڕی نپیستەگ و هەندور ستەخری پاپكان پەوی كەراتی نبست هانیتیت ویسانیت

١- وەها دەبێژن كە یەك جار زەردەشـتی پاك ئەو دینەی كە وەریگرتبوو، لەناو جیهان ڕەواجی پێدا ٢- و تاكو بوونی سـێسـەت سـاڵ دین بە پاكژی و خەڵكی لە بێگومانیدا بوون ٣- ڕێونكردووی بۆگەن گیانی درۆوەنـد (ئەهـریمەن) بـۆ ئەوەی خەڵكی گومـان بكەنە سـەر ئەم دینە ٤- ئەو لەڕێ دەرچـووە ئەسـكەندەری ڕۆمی دانیشـتووی میسـری فریودا، بەو سزا (ستەم)ە زۆر و هەڵكوتان و ئازارەوە ڕووی بۆ ئێران شـار هێنا. ٥- ئەویش پاشـای ئێرانی كوشـت ٦- و بنە و كەیخوایی شـێواند و وێرانی كرد ٧- و [هەروەها] ئەم دینە چۆن هەمووی ئاڤێسـتا و زەندی لەسـەر پێسـت و كەوڵی گا و بە ئاوی زێڕ نووسرابوو و لەناو ستەخری پاپكان لەو قەڵاتی نووسینە دانرابوو.[Vahman. F, 1986. p 19 ]

زمانی پەهـلە یـان فەیلی نـووسراوە. (نیـۆبێرگ، هێنریـك سـامۆێل) دەڵـێ: مـانی ئەم كتێـبەی بە مەبەسـتی ڕوونكـردنەوەی بنەمـا فەلسەفی و ئاینییەكانی دینییەكەی داڕشتووە و هەر بەناوی پاشای ساسانی ناونیشانی شاپووهرەگانی بـۆ دانـاوە و پێشكەشـی ئەم پاشـایەی كـردووە و ئامـانجی شـاپووری یەكەم و مـانی ئەوە بـووە كە ئەم دیـنە گەشـەی پێبـدرێ و شـوێنی دینـی زەردەشـتی بگرێتەوە.[نیۆبێرگ، هێنریك سامۆێل، ١٣٥٩. ل ٤١٣] ئەم كتێبە یەكێك لە بەڵگە هەرە گرنگەكانی مێژووی زمانناسییە كە دەسەلمێنێ زمانی دایكی پاشاكانی ساسانی، زمانی كوردی پەهلەوی (فەیلی) بـووە و هەر ئەم شـێوەزارەی كە لەنـاو ئەم بنەمـاڵە دەسـەڵاتدارە قسەی پێكراوە، بە زمانی فەرمی دەوڵەت هەڵبژێردراوە. مانی كە دینەكەی ڕادەگەینێ داوا لە شاپووری یەكەمی پاشای ساسانی دەكـا دینەكەی پەسند بكرێ، شاپووریش داوا دەكا بنەماكانی دینەكەی بۆ ڕوون بكاتەوە، بۆیە مانی كتێبێـك دەنووسـێ و پێشكەشـی ئەم پاشایەی دەكا. بێگومان كتێبەكە بە زمانێك نووسراوە كە پاشا بەباشی لێی تێدەگا. لە كتێبی (ئەدبی مانەوی)دا هـاتووە: ئەم كتێـبە لە سـەرەتاكانی سـەدەی بیسـتەم لە نـاوچەیەك لە چـین بەنـاوی توورفـان لەگەڵ كۆمەڵێـك كتێبـی دیـكە كە تـایبەتن بە دینـی مـانی دۆزراوەتەوە.[بهار، مهرداد، ١٣٩٤. ل ٤٩] دەسنووسـە ڕەسـەنەكانی دەقـی مـانی كە بە دەقەكـانی تورفـان نـاسراون، لە ئەنیسـتیتۆی زانستیی براندنبورگی بەرلین و كتێبخانەی نیشتیمانی بەرلین بەم ناونیشانە (Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften) پارێزراون. خۆشبەختانە وێنەیەكی لەبەرگیراوی ئەم كتێـبە لەبەر دەسـتی ئـێمەدا هەیە. لەم تـوێژینەوەیەدا دوو لاپەڕەی یەكەمی ئەم كتێبە بە ئەلفوبێی ئێستای زمانی كوردی دەنووسرێتەوە و وێنە ڕەسەنەكەشی لەگەڵدا دادەنرێ.

لە كتێبی شاپوورەگاندا كۆمەڵێك دەستەواژەی تایبەت بە دینی مانی دەبینرێ كە ئەم دەسـتەواژانە پـتر چەمكی دینـین و ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمە هەندێ نامۆ بن، بۆ نمونە (خیرەت شاهیر یەزد) كە لە دینی مانیدا ناوێكە بۆ جیهانی پاك و نمونەیی یەزدان

کە دەکرێ بە بارەگای یەزدان دابنرێ. خیرەت واتا عەقڵ و ئاوەز، لە زمانی کوردی ئێستادا لە وشەی (خرێنە) بەواتـای ددانـی عەقـڵ دەبینرێتەوە. هەروەها نـاوی فریشـتەکانی بارەگـای یەزدانـی کە ئەرکـی ئـازاردانی خراپەکارانیـان لە ئەسـتۆیە کە بـریتین لە مانبیـد، ویسبید، زەندبید، دهیبید، پەهرەگبید.

**دوو بنی شاهپهرەگان**

**پەد دێوان ئەوەد، .... بوو .... چ...، پەیتاگ ... کوو... ئوو گووەند کوو ئیمەهـــــ یەزتان پییاســگەر ئیم، پەد ئی پەندیگ ئێمە، مەرتوومان پرەیسـت ویپسـەن و ئووانیش پەد دوژکیردگانی کامرەوان، ئی دینەوەر کی خویش دین نی وەروەد، هەنیچ و ئەویشـــان هەنزەپەســەد و ئەوی زەمان کە هەندەر شـــاهر خرِ هیناوەن بوێت، ئیگ پچ زمیـگ و ئـاســمان و خوەر و مـاونـگ و ئەختەران و ئەســتێرەگان وزرگ نیشـــان پەیداگ بوێت، پس خیرەت شـەهیر یەزد هین کی نخوەسـت ئەوی نێر دام نوخویری پەرتومین خیرەت و دانیشــن دا، ئەویش پاش هەچ جار جار و ئەوام خیرەت و دانیشن و مەردان پریستیت، هین پەت ئەویچ ئەوام ئی ئەبدوامین نزد و فرێشــەکر هەن خیرەتی شەهیر خوتای هەچ هەمەگ.**





**دوو بنی شاپوهرەگان**

**[پێغەمبەرانی درۆیین] لەگەڵ دێوان و ... دەبن و دەڵێن: کە ئێمە ڕاســپێرداوی یزەدانین، ئەمەیە پەندی ئێمە، خەڵکی پڕ (پتر) فریودەدرێن و ئەوانیش بەمر دژکرداربیە کامەرانن، ئەو دینەوەر(دیندارە)ی کە باوەڕی بە دینی خۆی نییە، ئەویش بەوانەوە پەیوەســت دەبێ و ئەو زەمانەی لەناو شار خرِ(هەموو) هین(شت)ەکان ئەوها بێ، ئەوجا لە زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەختەر(حەسار)ەکان و ئەستێرە مەزنەکان نیشانە پەیدا دەبێ، ئینجا خیرەت(ئاوەز) شــاری یەزدان ئەوەی کە ســەرەتا ئەو نێرەی دا (واتا مرۆڤی خوڵقاند) پەروەردەکراو ئاوەز و زانســتی پێدا، ئەویش پاشـان جاربەجار و بەردەوامر ئاوەز و زانسـتی بۆ خەڵکی گواسـتەوە، هەروەها لەمر دوا ڕۆژگارەدا، نزیکی فرێشـەکر (نوێکردنەوە) هەر ئەو شاری ئاوەزی یەزدان [کە هی] هەموانە**

**ئەبەر ئامیشنیهی میردان پوسر**

**ئیزەدان و دینەوەران ئاما، ئەگە پەد ئاسمان هەندوور ویسەد، وزرگ خروهـ خوێنییەد و هەمەشاهر ئەژنییەد، ئەوی ئەمشیان یەزدان کی هەندوور ئاسمانان و زمیگان هەمە کیشوەر مان بیت و ویس بیت و زەند بیت و دیهـ بیت پەهراگ بیت، ئو دێوان نیخرۆستار هیند، هەن خیرەتشاهیر ئافەرین کەنەن و مەرتوومان کی هەندوور شاهیر شاریار بووەن، دوو دووان پەدیش ئەوی شاوەن، نمێچ بەرن ئەوش فەرمان پەدیرەن و مەردوهم ئیگ ئازیگەر دووژکیردەگان و مەردیهنەگان، هێن پەشیمان بووەن و پەس خیرەتشاهیر یەزد پریستەگان ئۆ خۆرەسەن و خۆرەنوەر پریستەد و شاوەن و مەرتوهم ئی دینەوەر ئەبەگ هەیاران و هەن دووژکیردەگان هەچ هەمر کووشنان هەمی ئەراچ پێش خیرەتشاهیر یەزد نەیەن و نمێچ بەرەن**



**سەبارەت بە هاتنی نەوەی ئادەم**

**ئیزەدان و دینەوەران(دینداران) هاتوون، ئینجا لە ناوەوەی ئاسمان ڕادەوەستێ، بە دەنگی بەرز هاوار دەکا و هەموو شار دەبیستن، ئەو ئەفرێنراوانەی یەزدان کە لەناو ئاسمانەکان و زەوییەکانی گشت کیشوەرەکان، مانبید و ویسبید و زەندبید و دیهبید و پەهراگبید، ئەوان ئازاردەری دێوانن، ئەمر ئاوەزشارە ستایش دەکەن و ئەو خەڵکانەی کە لەناو شاردا شاریار بوونە، بە دوو و بەغار بەرە ئەو دەڕۆن، نوێژ دەکەن و فرمانی ئەو پەسند دەکەن و خەڵکی ئازارگەیێن و بەدکردار و ستەمکار، لەو کاتە پەشیمان دەبنەوە و ئینجا خیرەتشاهیر یەزد، نێردراو بەرەو خۆراسان(ڕۆژهەڵات) و خۆرەنوەر(ڕۆژئاوا) ڕەوانە دەکا، و دەڕۆن خەڵکی دینەوەر لەگەڵ هاوڕێیان دەبەن و ئەوان بەدکاران لە هاوکارانیان هەموویان بەرەو پێش خیرەتشار یەزد دەبەن و نوێژ دەکەن.**

### ٣: ڕەهەندەکانی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی

شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکاندا دیارە، ئەمر زمانە لە ڕیزی زمانە زاگرۆسییەکانە و لە دێر زەمانەوە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ لەو جوگرافییە بەرفراوانەی کە باسمان کرد پەرش و بڵاو بووە. بۆیە زمانی کوردی هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەبێ (مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی، کوردی نوێ یان شێوەزارەکان) و ئەمر سێ قۆناغە لە زماناسیدا بە سێ قۆناغی (کۆن، ناوەڕاست و نوێ) دەسنیشان کراون. لە کتێبی (زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا) ئەمر دابەشکردنە بەمر شێوەیەیە: قۆناغی زمانی کوردی کۆن و لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانەوە دەسپێدەکات، دووەمر، قۆناغی زمانی کوردی ناوەڕاست کە لە سەرەتای دەسەڵاتی هێلینییەکانەوە تاکو قۆناغی ساسانییەکان دەگرێتەوە. سێیەمر قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی، ئەمر قۆناغە سەردەمی هاتنەکایە و بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە.[شوانی، ڕەفیق، ٢٠٠٨. ل ١٢٨ و ١٢٩]

### ٣-١: قۆناغی کۆن (مادی-ئاڤێستایی)

هەر یەک لەمر قۆناغانە پیشاندەری گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە هێڵێکی ڕاست ودرووست و ڕەوانن کە ڕەگی لە شێوازی ژیان و ژیاری شارستانی ئەمر میللەتەدا داکوتاوە. قۆناغی کۆن لە سەردەمی سۆمەرییەوە دەسپێدەکا و تاکو سەردەمی

ڕووخانی دەوڵەتی مادەکان بەردەوام بووە. لەم سەردەمەدا زمانی کوردی بەپێی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کۆنەکان شێوەزار و زاری جیاجیای لێدەبێتەوە. هەر یەک لە میرنشینە کۆنەکانی نەتەوەی کورد وەکو سۆمەری، گووتی، ئیلامی، هووری، میتانی، مانایی، ئۆرارتی و ...هتاد لە سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیاندا شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردیان بۆ ڕایی کردنی کاروباری میری، دینی، ئەدەبی و ...هتاد بەکاربردووە. لە سەردەمی مادەکاندا بۆ یەکەمینجار شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد هەڵدەبژێردرێ. لێرەدا ئەو شێوەزارەی کە ئاڤێستای پێ دارێژراوە، بەهۆی ئەوەی زمانی دین بووە بەخت و ئیقباڵی پتر بووە بۆ ئەوەی بە زمانی فەرمی دەسەڵات هەڵبژێردرێ.[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٧. ل ٢٤٨]

**٣-٢: قۆناغی ناوەڕاست (پەهلەوی)**

قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد دەست پێدەکا و بە فەرمی تاکو کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان بەردەوام دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قۆناغە لەگەڵ هاتنی ئیسلام کۆتایی پێدێ، بەڵام تاکو سەدەی چوارەمی کۆچیش هەر دەقی ئەدەبی و دینی پێ تۆمار کراوە. لەم قۆناغەدا دوو شێوەی زمانی کوردی باوبووە کە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستاییەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم زمانی کوردی ئەشکانی و دووەم زمانی کوردی ساسانی کە هەر دووکیان بە زمانی پەهلەوی ناسراون. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و دینی یەکجار گرنگ بەم دوو شێوە زمانەی کوردی لەبەر دەست دانە کە پیشاندەری ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردین. ئەم دەقانە بە ئەلفوبێیەکی تایبەت نووسراون کە بە خەتی پەهلەوی ناسراوە.[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٩. ل ٤٤٩]

**٣-٣: قۆناغی نوێ (شێوەزارەکان)**

ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەسپێدەکا و تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە. لەم قۆناغەدا بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی سەربەخۆی کوردی و لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی و بەڕێوەبردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و دەرکەوتنی میرنشینەکان، زمانی کوردی بەسەر چەندین شێوەزار و زاری جیاجیادا دابەش دەبێ. هەر یەک لەم شێوانە وەکو قۆناغی کۆن بەهۆی پشتیوانی میرنشینە کوردییەکانەوە گەشە دەکەن. ئەم گەشە کردنە گۆڕانێکی یەکجار زۆری لە ناو زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی لێکەوتەوە. لێکەوتەی ئەم گەشە و گۆڕانە بووە هۆی ئەوەی کە ترازان و دابڕانێک لە نێوان شێوەزارەکانی کوردی بێتەئاراوە،[حسن، فرهاد عزیز، ٢٠١٩. ل ٤٥٠] بەچەشنێک کە زۆرێک لە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە هەندێجار بە ئاستەم دەتوانن لە یەکدی تێبگەن و ئەمەش بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی **نەیارانی** کورد وەکو هەل و دەرفەت بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن ئەم شێوەزارانەی زمانی کوردی لەم زمانە بکەنەوە و بە زمانی سەربەخۆ دایان بنێن.

**٣-٤: پەیوەندی نێوان شێوەزاری فەیلی و زمانی پەهلەوی ساسانی**

زمانی کوردی کە زمانێکی زاگرۆسییە، بە درێژایی مێژوو لە قەوقازیاوە تاکو دەگاتە دەریای ئێمە و بە پادتایی دەشتەکانی میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەناری دەریای مازەندەران یان قەزوین بەربڵاوبووە و قسەی پێکراوە. دەریای ئێمە هەمان ئەو کەنداوەیە کە ئەمڕۆ بەهۆی ناونانی بە کەنداوی فارس یان کەنداوی عارەب، لەلایەن فارس و عارەبانەوە مشتومڕ و هەندێجار توندوتیژی سیاسی و دیبلۆماسی لێدەکەوێتەوە. (تورج دریایی) لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا باسی ئەوە دەکا کە ساسانییەکان (دەریای ئێمە)یان بۆ ناونانی کەنداو و دەریای عومان بەکارهێناوە.[دریایی، تورج، ١٣٩١. ل ١٦٦] بەم پێیە جوگرافیای زمانی کوردی زۆر بەرفراوانترە لەو جوگرافیا سیاسییەی کە کوردستانی گەورەی لەسەر نەخشەی جیهاندا پێ دەناسرێتەوە.

**کوردیی** فەیلی یەکێک لە گرنگترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەیە. ڕیشەی وشەی فەیلی بۆ وشەی پەهلە دەگەڕێتەوە. پەهلە ناوی ناوچەیەکی جوگرافیاییە کە دانیشتوانەکەی بە زمانی پەهلی – فەهلی – فەیلی قسەیان کردووە. (ابن الندیم) ناوچەی پەهلە بە ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهـ نەهاوەند و ئازەربایجان دەسنیشان دەکا.[١٣٨١. ل ٢٢] هەروەها (طاهری، طیب) دەڵێ: وشەی فەیلی شێوە گۆڕاوەکەی فەهلەیە و هەر هەمان وشەی پەهلەیە کە دواتر بەهۆی گەشە و گۆڕانی زمانی بەشێوەی فەهلی، فیهلی و فەیلی دەرکەوتووە و ناوچەی فەهلە هەمان لەکستانە.[١٣٩٧. ل ٥] بەم پێیە ناوچەی پەهلە هەمان ناوچەی لەک نشینی کوردستانە و شێوەزاری ئەم ناوچەیە لە کۆندا پەهلەوی و لە سەردەمی نوێدا فەهلەوی پێگووتراوە. بەڕای توێژەر وا باشترە تەنیا ناوچەی لەک نشین بۆ شێوەزاری فەیلی دەسنیشان نەکرێ، چونکە بەپێی دەقە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی، کۆمەڵە شێوەزارێکی زمانی کوردی وەکو هەورامی، لوڕی، لەکی یان فەیلی بە فەهلەوی دانراون کە گشتیان لە ڕووی ڕیشەی زمانییەوە شێوە نوێ و گەشەکردووەکەی کوردی ئەشکانی و ساسانین. دەقی فەهلەویاتی کوردی وەکو کۆنترین دەقی ئەدەبی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەدا ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی زار و

شێوەزارەکانی خواروو وەکو فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی، مەلای پەرێشان، قەترانی تاورێژی و کەلامی یارسانان، شانامەی کوردی و ...هتاد ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

**3-5: فەهلەویات**

فەهلەویات بەم جۆرە شیعرانە دەگووترێن کە دوای هاتنی ئیسلام لە ناوچەکانی زمانی پەهلە یان فەهلە نووسراون. ناوچەی فەهلە بەپێی سەرچاوە کۆنەکانی سەردەمی ئیسلامی بەو سنوورە جوگرافییە دەگووترێ کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلە یان فەهلە دوواون. لە کتێبی (الفهرست)دا هاتووە: ((ناوچەی فەهلە بریتین لە: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهنەهاوەند و ئازەربایجان.))[ابن الندیم، ١٣٨١. ل ٢٢] بەم پێیە دەردەکەوێ ناوچەی پەهلە هەمان ئەو سنوورە جوگرافیاییەیە کە مادەکان لەسەرەتادا دەوڵەتی یەکگرتووی مادیان تێدا بنیات ناوە و بریتین لەو ناوچانەی کە زمانی کوردی تێدا بەربڵاوبووە.

چارەنووسی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، پیشاندەری چارەنووسی گەلی کوردە. هەروەک چۆن سنووری جوگرافیای کوردستان لە چەندین قۆناغی جیاوازی مێژوویدا پارچە پارچە و دابەشکراوە، زمانی کوردیش بۆ چەندین شێوەزاری جیاجیا دابەش بوون و هەندێ لەم شێوەزارانە بەهۆی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلامی بەختی ئەوەیان هەبووە کە دەقی ئەدەبی و دینی و پەروەردەییان پێ بنووسرێتەوە. بنچینە و بناغەی زمانی کوردی واتا پەهلەوی یان فەیلی کە پێشتر زمانی دین و دەوڵەت بووە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و دینی زۆر گرنگی پێ تۆمارکراوە و بە ئەدەبیاتی فەهلەوی یان فەهلەویات ناسراوە. ئەم شێوە زمانەش وەکو زمانی کۆمەڵێک لە دانیشتووانی کوردستان وەکو زمانی ئاخاوتن لە هەمان ئەم ناوچانە لە گەشە و گۆڕاندابووە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی زمانی کوردی لە زاری خواروو و گۆراندا پۆلین کراون وەکو لوڕی، لەکی، کەلهوری، هەورامی و شێوەزارە هاوشێوەکانی دیکەیاندا. بەم چەشنە دەبینین زمانی پەهلەوی یان فەیلی ڕۆژگاری ساسانییەکان لە سەردەمی نوێی زمانی کوردیدا کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا هەبووە. بۆیە هاوبەشییەکی یەکجار زۆر لە نێوان شێوەزارەکانی ئەم زارانەدا بەدیدەکرێن و زۆرجار بە ئاسانی لێکجیا ناکرێنەوە، بەتایبەتی لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە مێژووی تۆمارکردنیان بۆ نێوان سەدەی چوارەم تاکو دەیەمی کۆچی دەگەڕێنەوە.

ئەم جیاوازییەی کە لە شێوە زۆر فراوان و جیاوازەکانی زمانی کوردیدا هەیە، بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زمانناسانی بیانی هەندێ شێوەزاری کوردی لەم زمانە جیا بکەنەوە و بە زمانێکی سەربەخۆی دابنێن. بۆ نمونە شێوەزاری هەورامی، زازایی، لووڕی، لەکی و هەندێ لە شێوەکانی دیکە بە زمانێکی سەربەخۆ دابنێن. لەڕاستیدا ئەم داماڵینەی زمانی کوردی لە شێوەزارەکانی هەر لە درێژەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورددا سوودی لێوەرگیراوە. بەتایبەتی لەلایەن توێژەرانی ئێرانی کە مەبەستیانە جوگرافیای زمانی کوردی وەها سنووردار و بچووک بکەنەوە تاکو لەگەڵ نەخشەی جوگرافیا سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە باشوور هاوتەریب بێ و بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردی لە شێوەزاری سۆرانیدا قەتیس بکەن، تاکو جوگرافیا و خاکی کوردان هەر لە سنووری ئەم شێوەزارەدا بەرجەستە ببێ. بۆ نمونە (حسن رضا باغ بیدی) توێژەری فارس زمانی ئێرانی شێوەزاری هەورامی و زازایی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێ و پێیوایە ئەم شێوەزارە ڕەسەنەی زمانی کوردی پەیوەندی بەم زمانەوە نییە و بە هەڵە لە ڕیزی شێوەزارەکانی زمانی کوردی پۆلین کراوە،[رضا باغبیدی، حسن, ١٣٨٨. ل ١٨١] بەڵام مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی (خانای قوبادی) لە خەسرەو و شیریندا بەم چەشنە وەڵام دەداتەوە:

| | |
|---|---|
| ڕاستەن مواچان فــــارسی شەککەرەن | کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن |
| پەی چێش؟نە دەواران ئەی دنیای بەدکێش | مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش<br>[خانای قوبادی: ساڵ؟، ١٤] |

ئەم دێڕە **شیعرەی** خانای قوبادی بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە توێژەرانە، چونکە ئەم شاعیرەی گەلی کورد بە شێوەزاری هەورامی دەڵێ: کوردی لە فارسی شیرین ترە. کەوایە ئەگەر هەورامی زمانێکی سەربەخۆ بووایە، **خانای قوبادی دەیگووت**: هەورامی جە فارسی بەل شیرینتەرەن. ئامانجی ئەم توێژەرانەی ئێران جگەلەوەی مەبەستیانە زمانی کوردی بۆ شێوەی سۆرانی و سنووری کوردستان بۆ ئاخێوەرانی ئەم شێوەیە بچووک بکەنەوە، لەهەمان کاتدا دەیانەوێ پێگەی زمانی فارسی لە ئێراندا پتەو بکەن؛ تاکو لە ڕێی نزیک کردنەوەی زمانی فارسی لەم شێوەزارانەی زمانی کوردی کەسایەتییەکی بەهێز و پتەوتر بە زمانی فارسی بدەن و مێژووی زمانەکەیان بۆ زمانی پەهلەوی و ئاڤێستایی و ئەخمینی بگەڕێنەوە.

فەهلەویات یان دەقی ئەدەبی قۆناغی نوێی زمانی کوردی خاڵی پێکەوە گرێدانی زمانی کوردی و زمانی پەهلەوین. لەم قۆناغەدا سەرەتا تەنیا شێوەی نووسین واتا ئەلفوبێ گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام بە درێژایی چەندین سەدەی دواتر زمانی کوردی بەهۆی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد و لە ئەنجامدا لە هەناوی زمانی پەهلەوی کە زمانی فەرمی دەسەڵات و زمانی ستاندەری دەوڵەت بوو، کۆمەڵە شێوەزارێکی نوێ لەدایکبوون. (محمدتقی بهار) ئەم بابەتەی بەم جۆرە خستۆتەڕوو: دوای هاتنی ئیسلام خەت و زمانی پەهلەوی لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی گرفت بوو، بەڵام تاکو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی هەر بەردەوام بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار دەکرا و دواتریش کە زمان و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، لە ڕۆژئاوای ئێران کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلەوی یان بە شێوەزاری نزیک لە پەهلەوی قسەیان دەکرد، ئەفسانە و کتێب و بەرهەمی ئەدەبیان پێ تۆمار دەکرد.[ بهار، محمدتقی، ١٣٤٩، جلد١. ل ١٤٥] بەرهەمە تۆمارکراوەکانی سەرجەمی ئەم شێوەزارانە بە فەهلەویات ناسران. بە تێپەڕبوونی کات زمانی کوردی پەهلەوی لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ چەندین شێوەزاری جیاجیای ناوچەیی گۆڕا. لە بنچینەدا ئەم شێوەزارانە بەگشتی لە زاری خوارو و زاری گۆراندا پۆلین کراون، بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، شێوەزاری فەیلی بەهۆی نزیکی لە زمانی پەهلەوی بە سەرەکی ترین شێوەزار دادەنرێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە گشت ئەو بەرهەمانەی بە شێوەزارەکانی زاری خوارو و زاری گۆران وەکو فەیلی، لوڕی، کەلهوڕی، هەورامی، باجەلانی و ...هتاد نووسراون بە فەهلەویات ناودەبردرێن.

**٣-٥-١: فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی**

مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئیسلامیدا بە شیعرەکانی باباتاهیرەوە دەسپێدەکا. ئەو پارچە شیعر و دووبەیتیانەی کە لە ئێراندا ساغکراونەتەوە و بەناوی دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی لە چاپ دراون، بەزۆری بە فارسی کراون و شێوە ڕەسەنەکەیان بەسوودی زمانی فارسی شێوێندراوە، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێک دووبەیتی باباتاهیر لە مۆزەخانەی قونییە لە تورکیا پارێزراون. ئەم شیعرانە لەسەر شێوە کۆنەکەیان لەلایەن (مهرداد بهار) چاپکراون و ئەمانەی خوارەوە نمونەی ئەم پارچە شیعر و دوو بەیتیانەن:

| | |
|---|---|
| گەر هەژ زەر ئۆنەهی ئەیوانی هەژ گڵ | بە پەرژینش کەری وانەوشە و وڵ |
| گەر ئەو بەشنەش نەهی ئەو داری شمشاد | گەر ئەو ڕۆنەش کەری ئاواجی بلبل |
| سەرەنجامان بشی بە یا بهەرزی | یایی تە گۆڕ و مەوای تە گڵ |
| | [بهار، مهرداد، ١٣٨٦. ل ٣٦٢] |

| | |
|---|---|
| یاکە مە دوڕ دی هەنی دەریا نەبی یار | یاکە مە خۆر دی گەیهان پەیدا نەبی یار |
| من هەژ ئەو ڕۆ بە دامانی تە ژەد دەست | دە گەردوونت هیچ پەڕ و پا نەبی یار |
| | [بهار، مهرداد، ١٣٨٦. ل ٣٦٤] |

٣-٥-٢: فەهلەویاتی مەغریبی تاوڕێژی (تەورێزی)

شمس‌الدین محمد مغربی شاعیر و عارفی کورد لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی ژیاوە. خەڵکی لە گوندی ئەمەندی شاری تاوڕێژە و لە ساڵی ٨٠٨ی کۆچی لەم شارەدا کۆچی دوایی کردووە.[ادیب طوسی، محمدامین، ١٣٣٥. ل ٢١٩] ئەم دەقانە هەر لەم سەرچاوەیە وەرگیراون.

| | |
|---|---|
| هەرچی ئەویان واتە دڵە بشنیر | دڵە واتە چوو ئەویان نەشۆ هەچ ویر |
| نەبوو گێتی کە دڵم نۆیەوانێ بوو | نۆیەوانێ هەتا گێتی بەرۆ پیر |
| | [ادیب طوسی، محمدامین، ١٣٣٥. ل ٢٢٤] |

| | |
|---|---|
| سەحەرگاهان کە دڵم تاوە گیرێ | جەهـ ئاهم هەفت چەرخ ئاڵاوە گیرێ |
| جە دڵــم ئازەرین ئاهێ وەگەرێ | دوویژ هەژ تـــاوێ دڵم تـــاوە گیرێ [ادیب طوسی، محمدامین، ١٣٣٥. ل ٢٢٦] |

**٣-٥-٣: فەهلەویاتی شێخ صفی‌الدین اردبیلی**

شیخ سەفیەدینی ئەردەبیلی باپیرە گەورەی حەیدرییەکان، عارفی سەدەی هەشتەمی کـۆچییە. لە کتێبـی (سلسـلة النسـب صـفویە)دا یـازدە دووبەیـتی بە زمـانی کـوردی فەهـلەوی بە نـاوی ئەم عـارفە نـاودارەوە تۆمـارکراون کە ئەمەی خـوارەوە نمـونەی دووبەیتییەکانیەتی.[ ادیب طوسی، محمد امین، ١٣٣٥. ل ٤٦١]

| | |
|---|---|
| مواچەش هەژ چە ئەویان مەندە دوویرەم | ئەز چو ئەویان خاسان پشت و زویرەم |
| ب هێشتم دۆش بـــە عەرش و بە کورسی‌سوڵتان شێخ زاهیـــدی چۆگان و گۆیەم [ادیب طوسی، محمدامین، ١٣٣٥. ل ٤٦٢] | |

| | |
|---|---|
| بە من گیانی بدە ئـەز گیانەوەر بم | بـــە من نوتقێ بـــدە تـــا دەمەوەر بم |
| بە من گۆهشێ بدە ئەز بشنەڤا بم | هەر ئـــەو جێ وانگێ بـــۆ ئەز ئاخەوەر بم [ادیب طوسی، محمدامین، ١٣٣٥. ل ٤٦٤] |

**٣-٥-٤: کەلامی یارسان**

(سەرەنجام) کتێبی دینی یارسانە کە چەندین دەورەی جیاواز لە خۆ دەگرێ. ئەم کتێبە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی فەهلەوی یان فەهلەویاتە. ((بیروباوەڕی یارسان لە بنچینەدا بۆ هەورامان و شارەزوور و لوڕسـتان دەگەڕێتەوە،))[طـاهری، طیب، ٢٠٠٩. ل ١٩] بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە لوڕستان سەری هەڵداوەوە و سنووری چالاکییەکەی بۆ ناوچەکانی گۆران و عیلام هەڵدەکشێ.[طاهری، طیب، ٢٠٠٩. ل ٢٠و٢١] بەم پێیە شێوەزارەکانی لوڕ، لەک، کەلهوڕ، هەورامی و ...هتاد لە بەرهەمهێنانی دەقی کەلامی یارساندا بەشدارن و لە بنچینەدا بۆ یەک سەرچاوەی زمانی دەگەڕێنەوە کە کوردی (پەهلەوی/فەیلی)یە. لە خوارەوەدا چەند دێڕێکی کەلامی یارسان (دەورەی خەزانە) دەگوازینەوە:

| | |
|---|---|
| پادشا مەرەمۆ: | |
| چـــە بەتن دوڕی چـــە بەتن دوڕی | ئەوسا بەرامای چـــە بەتەن دوڕی |
| سەراسەر جیهان وە یـەک کام بڕی | ستـــارە یوەنـــانی بنیامین چڕی [طاهری، طیب، ٢٠٠٩. ل ٣٣١] |

| | |
|---|---|
| بنیامین مەرەمۆ: | |
| نــە جامەی دوڕ بی نــە جامەی دوڕ بی | پادشای بەحڕ و بەڕ نە جامەی دوڕ بی |
| نــە بەحر و قەڕ قەڕ نە بەحر و بەڕ بی | زات شا نـــە یورت کەس نەزان سڕ بی [طاهری، طیب، ٢٠٠٩. ل ٣٣٢] |

**٤: جوگرافیای زمانی کوردی و فارسی**


دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا نوێیە و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی و بەتـایبەتی بـۆ ڕۆژگـاری دوای هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. (ناتل خانلری، پرویز) سەبارەت بە دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا دەنووسـێ: ((زمـانی فارسـی دوای سەدەی سێیەمی کۆچی وردەوردە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی خۆراسـان دەردەکەوێ.))[ ١٣٧٣. ل ٩] لە تـوێژینەوەیەکی

دیکەدا هاتووە: ((لەو سەردەمەدا (واتا سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی) لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران باو بووە، لە خوراسان واتا ڕۆژهەڵاتی ئێران زمانی دەری بڵاوبووە و زمانی پەهلەوی لەوێدا نامۆ بووە.))[بهار، محمدتقی، ١٣١٨. ل ٤٨٦] هەروەها (صفا)یش ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدا کە زمانی فارسی بۆ یەکەمینجار لە بەرامبەر زمانی پەهلەوی، دوای سەدەی سێیەمی کۆچی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەردەکەوێ. ((یەکەمین شاعیران کە بەم زمانە (فارسی) شیعر و ئەدەبیان نووسی هەروەک ئاماژەی پێدرا بە ناوی پارسی دەری و دەری و پارسی لە بەرامبەر پەهلەوی یان پەهلەوانی بەکاربرد.[صفا، ذبیح الله، ١٣٥٠. ل ١٩٣]

بەپێی مێژووی ئەدەبی فارسی، یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم زمانە لە سنووری ناوچەی جوگرافیایی و ژینگەی ڕەسەنی زمانی فارسی واتا لە تاجیکستان و باکووری ئەفغانستانەوە سەریان هەڵداوە. کۆنترین مێژوو کە بۆ ئەم دەقە ئەدەبیانە دەسنیشان کرابێ کۆتایی سەدەی دووەم یان سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییە. یەکەمین شاعیرانی فارس بەپێی ئەم کتێبانەی کە مێژووی ئەدەبی فارسیان تۆمار کردووە بریتیین لە: ابوالعباس مروزی، حنظله بادغیسی، رودکی و ...هتاد. ئەم شاعیرانە لەلایەن کۆشکی میرنشینە فارسەکانی سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی پشتیوانی کراون. ((کۆنترین شیعری فارسی شیعری ابوالعباسی مەروەزییە کە لە ساڵی ١٩٣ی کۆچی لە شاری مەرو قەسیدەیەکی بۆ مەعموون نووسیوە کە بەم دێڕە دەست پێدەکا:

ای رسانیده به دولت فرق خود تا فرقدین گسترانیده به جود و فضل در عالم یدین هەروەها هەندێکی دیکە کۆنترین شیعری فارسی بۆ ابو حفض حکیم بن احوص سغدی سمرقندی کە لە ٣٠٠ی کۆچی ژیاوە دەگێڕنەوە و شیعرەکە بریتییە لە:

آهوی کوهی در دشت چگونه دودا چو ندارد یار بی یار چگونه رودا[همایی، جلال‌الدین، ١٣٧٥. ل ٤٣] سەرجەمی شاعیرانی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە سەدەی چوارەمی کۆچی سەربەم هەرێمانە بوونە و خەڵکی شاری بوخارا، سەمەرقەند، هەرات، تووس یان شارە دوورترەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بوونە و لە کۆشکی پاشا فارس و تورکەکانی سەفاری، سامانی، غەزنەوی و سەڵجووقیدا خزمەتیان کردووە.[ناتل خانلری, پرویز، ١٣٧٣. ل ١٠] لە بەرامبەردا کۆنترین شیعرەکانی زمانی کوردی لە سەدەی یەکەمی کۆچی تۆمار کراون بۆ نمونە شیعری (هورمزگان) کە بە خەتی پەهلەوی نووسراوە.

| | | |
|---|---|---|
| هوەرمیزگان ڕمان | ئاتیران کووژان |  |
| ویشان شارتینە | گەورە گەورەکان | |
| زۆرکاری ئارەو | کرتینە هاپوور | |
| گوونەو پەهلووی | هەتا شارەزوور | |
| ژن و کەنیکان | وە دویر بشینا | |
| مەردی هەژا | تیلی وە ربی هوینا | |
| ڕەوشت زەرتوشترا | مانەوە بی زەست | |
| بژیکا نکا | هورمز وە هێچ کەس | |

(اکبری مفاخر) لە توێژینەوەیەکدا ئەم شیعرەی شیکردووەتەوە، لە خوێندنەوەی هەندێ وشەدا هەڵەی کردووە و ئێمە ڕاستەوخۆ دەقی ئەم شیعرە دەگوازینەوە و بۆ سەر ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردی دەیگەڕێنینەوە. ئەم توێژەرە بەم شێوەیە باسی دەقەکە دەکا: ((هورمزگان یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی زمانی گۆرانییە و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوی هێرشی عەرەب بۆ ئێران لە سەدەی یەکەمی کۆچییە. ئەم شیعرە لەلایەن شاعیرێکی زەردەشتی و گۆران زمان هۆنراوەتەوە کە خۆی بینەری ئەم ڕووداوە بووە و لە سەدەکانی دواتر بە خەتی پەهلەوی لەسەر پێستەی ئاسک نووسراوەتەوە.))[اکبری مفاخر، آرش، ١٣٨٩. ل ١١] لێرەدا ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە و دەڵێ بە زمانی گۆران نووسراوە. ئەم جۆرە چەواشەکارییە لەلایەن توێژەرانی ئێرانی لە شیکردنەوەی دەقی کۆنی زمانی کوردی زۆر دەبینرێ و دەبێ ئێمەی کورد لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا گرنگییەکی پتر بە زمانی کۆنی کوردی بدەین و لە زانکۆکانی کوردستاندا بەشی تایبەتی بە زمانە کۆنەکان دابمەزرێنین تاکو بتوانین ڕاستەوخۆ ئەم دەقانە بخوێنینەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەین. ئەوەی خوارەوە دەقی ڕەسەن و نووسینەوەی بە ئەلفوبێی ئێستای کوردییە.

بە بەراوردکردنی ئەم شیعرە بە دەقە پەهلەوییەکان بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی کوردی میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی پەهلەوییە و لە هەمان ئەو ناوچەیە نووسراوە کە بە نیشتمانی پەهلە یان فەیلی ناسراوە. شیعرەکە بە هەمان ئەو زمان و خەتە نووسراوەتەوە کە دەقی ئەدەبی و دینی ڕۆژگاری ساسانییەکانی پێ تۆمارکراوە. هەروەها ئەگەر بە یەکەمین و کۆنترین دەقە

مێژووییەكانی ئەدەبی فارسی بەراورد بكرێ ئاشكرا دەبێ كە زمانی فارسی لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە تەواو لە زمانی پەهلەوی دوورە، چونكە ئەگەر فارسی میراتگری زمانی پەهلەوی بووایە، دەبووایە كۆنترین دەقەكانی تاڕادەیەك لەم شێوازە شیعرییەی سەرەوە نزیک بووایە یان هەر نا دەبایە لە سێ سەدەی یەكەمی كۆچی بە خەتی پەهلەوی دەقیان نووسیبایەوە. كۆمەڵێک توێژەری ئێرانی دانیان بەم ڕاستییە ناوە و هەر وەكو پێشتر ئاماژەی پێدرا، نیشتمانی ڕەسەن و سەرەكی زمانی فارسیان لە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و وردتر لە تاجیكستان و ئەفغانستان دەسنیشان كردووە و یەكەمین و كۆنترین دەقە كۆنەكانی فارسیش لە دوای ئیسلام هەر لەم ناوچانە نووسراون.

شاعیرە مەزنەكانی ئێرانی وەكو فیردەوسی، عونسوری، ناصر خوسرەو و ئەوانی دیكە كە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی بە زمانی فارسی شیعریان دەنووسی شارەزای زمانی پەهلەوی نەبوونە و شیعرەكانیان ئەمە دەسەلمێنێ. (محمدتقی بهار) لە توێژینەوەكەیدا ئاماژە بە ناوی ئەو شاعیرانە دەكا كە زمانی پەهلەویان زانیوە و كتێبیان لەم زمانەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. ناوی فیردەوسی لە ڕیزی پەهلەوی نەزانان پۆلین كردووە. ئەو شاعیرە مەزنەی فارس كە بەرهەمە ئەدەبییەكەی بەناوی شانامە بە بنچینەی زمانی فارسی دادەنرێ. ((شاعیرێک كە لەسەر بنەمای دەقێک شیعر بهۆنێتەوە، ناكرێ تایبەتمەندییەكانی دەقە ڕەسەنەكە بۆ شیعرەكانی نەگوازرێتەوە. لەناو شاعیرانی فارس زمان جگە لە فەخری گورگانی كە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی كۆچی ژیاوە و زەردەشت بارامی پەژدوو كە كتێبی زەردەشت نامەی بە شیعر داڕشتووەتەوە هیچ شاعیرێكی دیكە نییە كە گومان بكرێ زمانی پەهلەوی زانی بێ.))[بهار، محمدتقی بهار، ١٣١٣. ل ٤٩٧] لەكاتێكدا هەر لەم سەردەمە و دوای ئەوەش ئەدیبانی كورد بە هەمان ئەلفوبێی دەقی پەهلەوی بەرهەمی ئەدەبی و دینیان نووسیووە. لەو كاتەشدا كە نووسین بە ئەلفوبێی كۆن باوی نەما و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، بە هەمان زمانی كوردی پەهلەوی دەقی ئەدەبی و دینیان بەرهەم هێناوە كە بەزۆری بە ناوی فەهلەویات ناسراون.

بۆچوونی ناسر خوسرەوی قوبادیانی شاعیر و گەریدەی بەناوبانگی فارس سەبارەت بە شاعیرێكی ڕۆژئاوایی بەتەواوی دەیسەلمێنێ كە زمانی فارسی و زمانی پەهلەوی لە ڕووی ژینگە و جوگرافیای زمانی زۆر لێک دوور بوونە، بەڵام دواتر و لە سەردەمی ئیسلامی و بەتایبەتی لە دوای سەدەی سێیەم و چوارەم بەر كاریگەریی یەكتری كەوتوون. ناسر خوسرەو لە گەشتنامەكەیدا كاتێک لە ساڵی (٤٣٨)ی كۆچی دەگاتە تاورێژ (تەورێز) دەڵێ: لەم شارەدا چاوم بە شاعیرێک بەناوی قەتران كەوت شیعری جوان دەنووسی، بەڵام فارسی باش نەدەزانی. هاتە لای من دیوانی (دوو شاعیری فارس) مەنجیک و دیوانی دەقیقی هێنا و گووتی من لە شیعرەكانیان تێناگەم و منیش بۆم شیكردەوە.[ قبادیانی، ناصر خسرو، ١٣٣٥. ل ٦] لە پێشەكی دیوانی (قطران تبریزی)دا هاتووە: هۆكاری خوونەگرتنی قەتران بە زمانی فارسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بەخۆی بە شێوەزاری فەهلەوی دوواوە و بەم زمانە شیعری داناوە و بە شێوەیەكی سرووشتی و ئاسایی لە وشە و زاراوەكانی خەڵكی ڕۆژهەڵات تێنەگەیشتووە كە زمانی دایكیان فارسی بووە.[نخجوانی، محمد، ١٣٦٢، ل دوازدە] بەپێی ئەم سەرچاوانە دەردەكەوێ لە چوار سەدەی یەكەمی كۆچیدا زمانی فارسی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و زمانی كوردی فەهلی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بەتەواوی نامۆ بوونە و دواتر وردەوردە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی بەدواوە بووە كە زمانی فارسی بەهۆی بەرفراوان بوونی دەسەڵاتی توركانی غەزنەوی و سەڵجووقی بۆ ناوچەكانی دیكە گواستراوەتەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی كە لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، دەركەوت كە زمانی كوردی پەهلەوی كە لە ڕۆژگاری ئەشكانی و ساسانییەكان زمانی فەرمی دین و دەوڵەت بوو، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی بەهۆی نەمانی پشتیوانی سیاسی لە پێگەی زمانی فەرمی دابەزی و خۆری دەسەڵات و شكۆمەندییەكەی كز بووەوە. بێگومان ئەم زمانە لە دوای ساسانییەكان لەناو نەچوو، بەڵكوو تەنیا ئەركەكەی لە زمانی دەسەڵات و زمانی فەرمی دەوڵەت بۆ زمانی ئەدەب و دین سنووردار كرا. زمان و خەتی كوردی پەهلەوی تاكو دەورووبەری سەدەی شەشەمی كۆچیش هەر بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆماركراوە، هاوتەریب لەگەڵ شێوازی كۆنی بەكارهێنانی خەتی پەهلەوی، ئەدیبانی كورد ئەلفوبێی سادەی عەرەبیشیان بۆ نووسین بەكار دەبرد كە دواتر بەهۆی سادەیی لە نووسین و خوێندنەوەی لەلایەن خەڵكانێكی زۆری كۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەم شێوازە نووسینەی ئەدەبی كوردی پەهلەوی بە خەتی عەرەبی بەسەر شێوازە كۆنەكەدا كە بە خەتی پەهلەوی بوو زاڵبوو و لە مێژووی ئەدەبدا بە فەهلەویات ناسرا. ئەمەش دەرەنجامی گەشە و گۆڕانی زمانی كوردی پەهلەوی بۆ كوردی فەیلی و دواتر شێوەزارەكانی دیكە بوو كە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، دینی، ئابووری و كۆمەڵایەتی لە دوای هاتنی ئیسلام و ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی هاتبووە ئاراوە.

**ئەنجام:**

١- زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی) بەهۆی ئەوەی شێوەزاری بنەماڵەی پاشایانی ساسانی بووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە زمانی فەرمی دەوڵەت و کاروباری میری هەڵبژێردراوە و دواجار لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی ئەوسا دەقی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار کراوە.

٢- دەقی نووسرای بەردی پاشاکانی ساسانی و دەقە ئەدەبی و دینییەکانی ئەم سەردەمە، بە زمانی کوردی و شێوەی پەهلی یان فەیلی نووسراون.

٣- دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئەم زمانە بەسەر چەندین شێوەزاری سەرەکی و لاوەکیدا دابەش بوو کە شێوەزاری فەیلی سەرەکی ترین و گرنگترینی ئەم شێوەزارانەیە. کەواتە زمانی پەهلەوی لە پرۆسەی گەشەی زمانییدا بۆ فەیلی گۆڕاوە. بۆیە دەکرێ بڵێین زمانی پەهلەوی لە قۆناغی نوێی زمانی کوردیدا لقێکی سەرەکی لێبووەتەوە کە فەیلی پێدەگووترێ و لە سەدەکانی دواتر زۆربەی شێوەزارەکانی زاری خواروو و زاری گۆران لەم لقە نوێیەی زمانی پەهلەوی واتا فەیلی چەکەرەیان کردووە.

٤- فەهلەویات کە دەقی ئەدەبی کوردین لە دوای هاتنی ئیسلام بە شێوەزارەکانی کوردی بەتایبەتی ئەو شێوەزارانە نووسراون کە لە چوارچێوەی زاری خواروو و زاری گۆراندا پۆلین کراون کە لە بنچینەدا لق و پۆپی لاوەکی (پەهلەوی- فەیلی)ن و سەرجەمیان پێکەوە میراتگری زمانی کوردی پەهلەوی سەردەمی ساسانین.

**سەرچاوەکان:**


١- آموزگار، ژالە و تفضلی، احمد (١٣٨٩) زبان پهلوی، انتشارات معین، چاپ هفتم، تهران

٢- ابن ندیم (١٣٨١) الفهرست، ترجمەی محمد تجدد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران

٣- ادیب طوسی، محمدامین (١٣٣٥) فهلویات زبان آذری، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال هفتم، شمارە٤ و ٨.

٤- اکبری مفاخر، آرش(١٣٨٩) سرود ورمزگان، مجله مطالعات ایرانی، سال نهم، شمارەی هفدهم

٥- بهار، محمدتقی (١٣١٣) خط و زبان پهلوی در عصر فردوسی، مجله مهر، سال دوم، شماره ٥ و ٦

٦- بهار، محمدتقی (١٣٤٩) سبک شناسی، جلد اول، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم،تهران

٧- بهار، مهرداد (١٣٨٦) جستاری در فرهنگ ایران، نشر اسطوره، چاپ دوم، تهران

٨- بهار، مهرداد و اسماعیل‌پور، ابوالقاسم (١٣٩٤) ادبیات مانوی، نشر کارنامه، چاپ اول

٩- بیلال، زبێر (١٩٨٤) مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف ڕؤوف علی، دەزگای ڕۆشنبیری، زنجیرەی ١٠٤، چاپی ؟، بەغدا

١٠- تفضلی، احمد (١٣٨٣) تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، نشر سخن، تهران

١١- جنیدی، فریدون (١٣٨٦) نامەی پهلوانی، نشر بلخ، چاپ دوم، تهران

١٢- حسن، فرهاد عزیز (٢٠١٧) جوانکاری ئەدەبی لە ئاڤێستادا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی ٢١، ژمارە ٤

١٣- حسن، فرهاد عزیز (٢٠١٩) پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٤

١٤- خانای قوبادی(١٣٦٢) خوسرەو و شیرین، بووژاندنەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلاکریم، کۆڕی زانیاری کورد، زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی-ژمارە (٢)، بنیاد فرهنگ و ادبیات کردی، ارومیه

١٥- خوشناو، فرهاد عزیز (٢٠١٣) ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەلەوییەکان، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر

١٦- رضاباغ بیدی، حسن (١٣٨٨) تاریخ زبانهای ایرانی، مرکز دائرەالمعارف بزرگ اسلامی، چاپ دوم، تهران

١٧- دریایی، تورج (١٣٩١) ناگفتەهای امپراتوری ساسانی، ترجمەی آهنگ حقانی و محمود فاضلی بیرجندی، کتاب پارسه، چاپ اول، تهران

١٨- شوانی، رفیق (٢٠٠٨) زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر

١٩- صفا، ذبیح الله (١٣٥٠) فرهنگ ایرانی و اثر جهانی آن، چاپخانەی دانشگاه تهران، چاپ ؟، تهران

٢٠- طاهری، طیب (٢٠٠٩) تاریخ و فلسفەی سەرەنجام، دەزگای موکریانی، چاپ اول، هەولێر

٢١- طاهری، طاهری (١٣٩٧) شناسنامەی هویتی لک، هفتەنامەی غرب شماره ٥٨٥ و ٥٨٦

٢٢- قبادیانی، ناصر خسرو (١٣٣٥) سفرنامەی ابو معین حمیدالدین ناصر بن خسرو قبادیانی مروزی، بکوشش محمد دبیر سیاقی، انتشارات کتابفروشی زوار، چاپ ؟، تهران

٢٣- ناتل خانلری، پرویز (١٣٧٣) دستور تاریخی زبان فارسی، انتشارات توس، چاپ سوم، تهران

٢٤- نخجوانی، محمد (١٣٦٢) دیوان حکیم قطران تبریزی، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران.

٢٥- نیبرگ، هنریک ساموئل (١٣٥٩) دینهای ایران باستان، ترجمەی سیف‌الدین نجم آبادی، مرکز ایرانی مطالعەی فرهنگها، چاپ نخست، تهران

٢٦- همایی، جلال‌الدین (١٣٧٥) تاریخ ادبیات ایران، به کوشش ماهدخت بانو همایی، مؤسسەی نشر هما، چاپ اول، تهران

27- Jamasp-Asana. J (1913) Corpus of Pahlavi Texts, Bombay

28- - Nyberg. H. S (1964) A Manual of Pahlavi, part I, printed in Germany
29- Sanjana. P (1915) The Dinkard VII, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London
30-Thomas. E (1868) Early Sassanian Inscription, Trubner & co., 60, Paternoster Row, London
31- Vahman. Fereydun (1986) Arda Wiraz Namag, Scandinavian Institute of Asian Studies Kejsergade 2, DK-Copenhagen K, Ferst published, London and Malmo

**زبان كوردی پهلوی (فیلی)**
**زبان رسمی امپراطوری ساسانی یا گویش منطقه‌ای**

**فرهاد عزیز حسن**
گروه زبان کوردی - دانشکده تربیت مدرس-مخمور / دانشگاه صلاح‌الدین-اربیل
Farhad.hassan@su.edu.krd

**چکیده**
زبان كوردی پهلوی كه امروزه با عنوان كوردی فه‌یلی شناخته شده‌است، یكی از گویش‌های كهن زبان كوردی می‌باشد كه در مسیر گسترش و تطورات زبانی از زبان رسمی دولت در جهت تبدیل شدن به گویشی منطقه‌ای در حال تغییر و تحول بوده‌است. این تغییر و تحول ریشه در سرنوشت امپراطوری ساسانی دارد. زبانی كه در دوره‌ی ساسانیان به عنوان زبان رسمی دین و دولت كاربرد داشت، زبان خاندان ساسانی بوده و همان گویش كهنی است كه در مناطق پهله یا فهله رواج و گسترش داشته است و در دوره‌ی حكمرانی این خاندان به عنوان زبان رسمی دین و دولت برگزیده شد. پهله به مناطقی از سرزمین كوردستان اطلاق شده كه این گویش و گویش‌های نزدیک به آن زبان مادری مردمان آنجا بوده‌است. در این پژوهش بر اساس شیوه‌ی تحلیلی داده‌ها منابع كهن دینی، ادبی و سیاسی كه در زمان ساسانیان به زبان پهلوی و در دوره‌ی اسلامی به گویش فهلی یان فیلی تدوین شده‌اند، مورد تحقیق و بررسی قرار گرفته‌اند تا ابعاد تغییر و تحول زبان كوردی پهلوی در جهت تبدیل شدن به گویش فیلی و گویش‌های نزدیک به آن نشان داده شود.
**واژه‌های کلیدی:** زبان كوردی پهلوی، گویش فیلی، متون ادبی-دینی-سیاسی، فهلویات.

**Pahlavi Kurdish Language (Feyli)**
**“The official language of the Sassanid empire or a regional dialect”**

**Farhad Azeez Hasan**
Kurdish Language Department -College of Education-Makhmur / Salahaddin University-Erbil
Farhad.hassan@su.edu.krd

**Abstract**
The Pahlavi Kurdish language that nowadays has known as the Feyli Kurdish, is one of the oldest dialects of the Kurdish language, which has been changed and evolved from the official language of the state to a dialect of a region. This change has its roots in the fate of the Sassanid Empire. The language used in the Sassanid period as the official language of religion and government, also it was the language of the Sassanid dynasty and is the same ancient dialect that was prevalent in the Pahla or Fahl regions and was chosen as the official language of religion and government during the reign of this dynasty.
Pahlavi refers to areas of Kurdistan where the dialect and dialects were close to the native language of the people. In this research, based on the analytical method of data, ancient religious, literary, and political sources that were compiled in Pahlavi language during the Sassanid period and in the Islamic period by Feyli dialect, have been researched. The aim is to show the changes and evolve dimensions of Pahlavi Kurdish language that converse it to Feyli dialect and the dialects close to it.

**Keywords:** Pahlavi Kurdish language, Feyli dialect, literary-religious-political texts, Fahlaviat